www.kurdistannet.org
25-8-2006 13:53بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ساڵرۆژی كوردستان نێت پیرۆزە

عەلی مەحموود محەمەد

بەبۆنەی ساڵرۆژی دەست بەكاربوونی كوردستان نێت وەك یەكەم رۆژنامەی ئەلكترۆنی لە سەر تاۆڕی ئەنتەرنێت گەرمترین پیرۆزیایتان لێ دەكەم، ممتمانەم بەهێزە ئەم داهێنانەی بەرێزتان لە بواری رۆژنامەنووسی ئەلكترۆنی مێژوو، لە لاپەڕە سەربەرزییەكانی خۆی دەینوسێتەوە، هیوادارم ژمارەی كوژاندنەوەی مۆمی تەمەنی سایتەكەتان بە ئەندازەی ژمارەی ئەو ساڵانە بێت، بۆ گەیشتن بە كوردستانێكی ئازاد و گەلێكی بەختەوەر پێویستن.
بێشك رۆڵی ئێوەو هەموو سایتەكانی دی كەم و زۆر دیارە بۆ دڕدان بە تاریكستانی گەندەڵی و مشەخۆری و دكتاتۆرییەت، ئاواتە خوازم ئازادی یەكەم پێوەر بێت بۆ بڵاوكردنەوە لە سایتەكەتان نەك حەزە كەسایەتی و بیروباوەڕە تایبەتییەكانی خۆتان، ئەوەی بەرامبەر بە رەخنەگرتن لە خۆی ئازا بێت و لە بەرامبەرەكەی نەترسێت وەكو ئێوە سەركەوتن هەر بۆ ئەوە.
بۆیە داواكارم هەموو كات ئەو بابەتانەی رەخنەن لە خۆتان و بیروباوەڕە سیاسییەكەتان، لەسەری سەرەوەی سایتەكەتان بدرەوشێنەوە، ئەمە ئازادی و دیموكراسی راستەقینەیە.